## چی دەبینری لە خویندگاكانی هەولیر.. ؟ ریبین سەباح



ئەگەر بمانەوی كورتە باسی لەسەر بارودۆخی خویندگاكانی هەولیر بكەین روونی بكەینەوە كە بارودۆخەكانی خویندن لە خویندگاكانی هەولیرا چۆن بەریوە ئەچن ئەوا باس كردنەمان لەسەر ئەم بارودۆخەدا خۆی لە چەند تەوەرەیەك دەدۆزیتەوە كە یەكەمیان بریتیە هەلسوكەوتی نیوان مامۆستا و خویندكار تا چەند لیكتیگەیشتن هەیە لە نیوان ئەم تویژە چونكە بە بونی لیكتیگەیشن لە نیوان ئەوو دوو تویژە كاری فیركردن بەرەو ئاقاریكی باش ئەبات بەلام ئەوەی لە خویندگاكانی هەرگیز بە لیكتیگەیشتن لە نیوان خویندكارو مامۆستا ناوزەند ناكریت بەو شیوەیەی لە هەولیرا هەیە پرۆسەی فیركردن لە هەولیرا بەرەو ئاقاریكی خراپ ئەبات چونكە تاكوو ئیستاش مامۆستا لەسەر هەلسوكەوتی كۆن لەگەل خویندكار ئەجولیتەوە نایەوی گۆرانی لە واقعی خۆی دابهینیت تاكو بەو شیوەیەش خویندكار رابكیشیت بەرەو خویندن وا بكات دلی بكریتەوە بە خویندن دوەم تەوەرەمان كە بە خالیكی زۆر گرنگی باسكردنەكەم دادەنیم كە بریتی یە لە بە هیزی مامۆستا لە وانەكەی كە ئەمە زۆر گرنگە لە پرۆسەی خویندنا چونكە ئەگەر مامۆستای بابەت لە وانە گوتنەوەكەی سەركەوتوو نەبیت ئەوا زۆر زەحمەتە بتوانی ئەو زانستەی لایەتی بە خویندكارانی بلیت تاكوو سودی لی ببینن ئەمەش لە هەولیرا زۆر باوە كە كەم مامۆستا هەیە توانیوەتی بە تەواوەتی ئەو زانستەی لای خۆیەتی بە خویندكارانی ببەخشیت سیستەمی گۆشت بۆ نانەوا و نان بۆ قەساب پەیرەو ئەكری هەر بۆ ئەم قسەیەم نمونەتان بۆ بینمەوە من مامۆستا دەناسم لەو هەولیرە سالیك مامۆستای میژوە سالیكی تر دەبیتە مامۆستای جوگرافیا خوا دەزانی سالیكی تر دەیكەنە بە مامۆستای چی من مامۆستایەكی تر دەناسم لە یەكی لە شارۆچكەكانی دەوروبەری هەولیر خۆی مامۆستای فیزیایە ئەو فیزیاو ئینگلیزی و بیركاری دەلیتەوە جار جارە كوردیش دەلیتەوە كە بە حەیاتی خۆی خویندنی بە كوردی نەبوە ئای كە سەیرە خۆ بەلاش نەیانوتوە تا سەر بمینی شتی سەیروسەمەرە هەر دەبینیت با واز لەو شتەش بینین با وەزارەتی لیمان نەرەنجی بەس لەو مەسەلەیە پی دەلیم با بزانیت چۆن پلان دادەنیت باشە من پرسیاریكیان لی دەكەم چۆن نەوەی داهاتوو سەركەوتوو دەبیت ئەگەر مامۆستای فیزیا وانەی كوردی بلیتەوە مامۆستای جوگرافیا سالی میژوو بلیتەوە سالیكی تر جوگرافیا بلیتەوە من لەوە ئەكیدم سالی داهاتوو وانەی ئابوری دەلیتەوە ئەی قوربەسەر خویندكار ئەوجە وەرە نمرە بینە لە پۆلی شەش داهاتوی خۆت دیاربكە تەوەرەیەكی تر هەیە كە دەمەوی باسی بكەم كە خویندگاكان دەبینری وە بە دیاردەیەكی ناشرین دادەنری ئەویش داخل كردنی بە زۆری بیری حزبە لە خویندگاكانا خۆ ئەوە بەس خویندكار ناگریتەوە ئەو پرۆسەیە ناشرینە كە پرۆسەی بە حزبی كردنی خویندگا ناوزەند دەكری بەلكوو مامۆستاش دەگریتەوە كە ئەو ماۆستایەی هاتوە بەس لە خویندگادا زانستەكەی خۆی پیشكەش بە خویندكار هیچ ئەركیكی تری

لەسەر نیە بەلام بیری چەوتی حزب وای لی كردون ئەوانیش لە پرۆسەی پەروەردەو فیركردن دا بیزار بن زانستەكەیان لە بیزاریا بەرەو فەنا بوون بچیت خۆ بە حزبی كردنی خویندكار كە ئیستا بە شیوەیەكی زۆر بەرچاو دەبینری لە خویندگاكاندا كە ئەندامیكی یەكیەتی قوتابیان دیت سەرەتا دەست ئەكا بە لیپرسینەوە لە گشت خویندكاران كە سەر بە چ حزبیكن یاخود سەر بە چ ریكخراویكن خۆ ئەگەر سەر بە ئەوان نەبیت زەربیك ناوت ئەدەن وەكو ئەوەت نیشان ئەدەن كە تۆ تیرۆرست بیت ئەوا زەرب لای ناوەكەت ئەدەن زۆرم سەیر بە عەقلیەتی ئەوان دیت خۆ ئەگەر بچیتە لای بەرپرسەكانیشیان دەست دەكەن بەباس كردنی دیموكراسیەت و بنەمای یەكتر قبول كردن بەلام هیچ لەمانە لای ئەوان ئیشی پی ناكری وە لەوەش خۆشتر ئەوەیە لە هەولیرا ئەگەر مامۆستایەك سەر بە حزبی دەسەلات نەبیت دژایەتی ئەكری بە شیوەیەكی توند یاخو نەقلی ئەكەن بۆ شوینیكی دوور وەكو ئەوەی پار لە خویندگای كوردایەتی لە هەولیرا رویدا كاتی دوو لە مامۆستا چاكەكانی ئەم ئامادەییە كە سەر بە حزبی دەسەلات نەبوون سەر بە حزبیكی تر بوون گوزرانەوە بۆ خویندگایەكی تر هەرچەندە ئامادەیی كوردایەتی زۆر پیویستی بە و دوو مامۆستایە بوو دە وەرە ئەم شتە نارەوایانە ببینە و بی دەنگیش دەبی بنوینی لە ئاست ئەم كارانە نابیت هیچ كاردانەوەیەكت هەبی وەكوو ئەوەی خویندكارانی ئەم ئامادەییە رپیوانیكی هیمنانەیان سازدا دژی ئەم بریارەی دوورخستنەوەیە بەلام بە هەرەشەو گورەشە لەلایەن بەریوبەری خویندگاكە وەلام درانەوە پەروەردەی هەولیریش وەكوو تەماشا كەریك تەماشای ئەو روداوانە ئەكات وە ئەو سالە لە ناوەندیەكی هەولیرا بەریوبەری كە تازە بۆتە بەریوبەری ئەو ناوەندەیە هەر سەرەتای كارەكانی لە جیاتی ئەوەی دەست بكات بە ریكخستنەوەی بارودۆخی خویندگاكە بیبات بۆ بارودۆخیكی باشتر دەستی بە حزبی كردنی مامۆستاكان هەرەشەلی كردنیان كە دەبی ئەوان لە گشت لە كارەنارەواكانی خۆی بی دەنگی بنوینن وە دەستی كردوە بە ناجح كردنی خویندكارە پارتیەكان لە امتحانی سەری سال بەبی ئەوەی بیر لەوە بكاتەوە كە ئەركیكی پیرۆز لە شانی ئەودایە كە پیرۆزترە لە بیری حزبایەتی جا ئەگەر لەوە زیاتر باس لە بارودۆخە ناهەموارەكەی خویندن بكەین لە هەولیرا باس لە بی شوینی و نەبونی مامۆستاو بەریوبەری نا شیاو لە شوینی بەریوبەرایەتی وە كۆنی پەیرەو پرۆگرامی خویندن كە بە هەزارەها خویندكار بونەتە قوربانی ئەو پەیرەوە وە سەدان گرفتی تر ئەوا دەبی بەسەدان ئەی فۆر لە بۆ كوردستان نیت بنوسم لەسەر ئەو بابەتە

هەولیر